# پەرلەمانی سوید و مافی مرۆڤ
# باسیان لە رەوشی مافی مرۆڤ کرد.




سەر لە بەیانی ئەمڕۆ 2008/11/9 بەڕێز د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە بەڕێز (فریدرک مالام ئەندامی پەرلەمانی سویدی و ئەندامی لیژنەی پەروەردە) کرد، دوای خۆشحاڵبوون بە سەردانی (فریدرک) بۆ کوردستان و کارکردنی لەسەر رەوشی مرۆڤ، باسی لە کار و چالاکیەکانی وەزارەت کرد کە لەماوەی دروستبوونی لە کابینەی پێنجەمی حکومەت توانراوە رەوشی مافی مرۆڤ لە زۆر لایەنەوە رۆشنایی بخرێتە سەر، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاشناکردنی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەویش لە میانی کۆرو کۆبوونەوە و بەستنی کۆنگرە و سمینار و بڵاوکردنەوەی راگەیاندن بە تایبەت چاپکردنی ژمارەیەك کتێب و پۆستەر و دەرکردنی گۆڤار و فیلمی دیکۆمێنت کە هەر هەموویان بوونەتە بەشێك لە هۆشیاکردنەوە و ناساندنی مافی مرۆڤ لەم دەڤەرە و هەروەها سەردان و بەسەرکردنەوەی بەندیخانەکان و

پێزانینی گوزەرانی بەندییەکان لە نزیکەوە و هەوڵدانی بەردەوام بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

هەر لە درێژەی باسکردنی کاروچالاکیەکان ئامـاژەی بە بەشی سکاڵا و بڵاوکردنەوەی سەندوقی سکاڵا لەشار و شارۆچکەکان کرد بەمەبەستی ئەوەی سکاڵای هاوڵاتیان لە رێگای وەزارەتەوە رووبەرووی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێتەوە و هەمیشە بەدواداچوونی بۆ دەکرێ تا ئەنجامەکەی وەدەردەکەوێ.

لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا هەردوولا باسیان لە تێرۆرکرد و بەدیاردەیەکی ترسناکیان بۆ سەر ئارامی کوردستان و هەموو دونیا وەسفکرد، هەروەها باسیان لە هاریکاریکردن لەگەڵ رێکخراوە ناحکومیەکان و بایەخدان بە رۆڵی گەنجان بۆ ئەوەی مافەکانی خۆیان بناسن کرد.

هەر لەم دیدارەدا وێڕای گفتوگۆکردن لەسەر توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی سوید، وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتیکردەوە، کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ بە زۆرناردنەوەی پەنابەرە کوردەکانی سوید نیە، چونکە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ ناگونجێ و لەهەمان کاتیشدا داوایکرد لە کاتێکدا ئەگەر باڵوێزخانەی سوید لە بەغدا بەتەواوی کارەکانی دەستپێکرد پێویستە بە زوویش قونسولیەی خۆی لە هەولێر بکاتەوە.

ئاماژەش بە دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان دراو بەرێز فریدرك مالام ئەم بایەخپێدانەی حکومەتی هەرێمی لەمەڕ ئەم کێشەیە بەرزنرخاند و لەدرێژەی قسەکانیشیاندا باس لە بنەماکانی مافی مرۆڤ کراو باس لە رەوشی خۆپیشاندان کرا و بەدیاردەیەکی شارستانی وەسفکرا و ئەوەش دووپاتکرایەوە کە پێویستە ئاستی هۆشیاری تاکی کۆمەڵ سەبارەت بە مافی مرۆڤ زیاتر پەرەی پێبدرێ و داوای مافەکانی خۆیان بکەن.